# کاریگەریێتی فەیسبوك لەسەر پێکهاتنی رای گشتی

## خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە نموونە

**عادل حمە عارف مؤمن**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە -** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەریێتی فەیسبوك لەسەر پێکهاتنی رای گشـتی خوێندکارانی زانکۆی سـلێمانی بە نموونە)، باس لە دوو گۆڕاو دەکات کە ئەوانیش فەیسـبوك و رای گشـتین، ڕادەی کاریگەریێتی یەکەم لەسـەر دووەم دیاردەکات، ئەویش لەرێی دابەشـکردنی فۆرمی راپرسـیەوە بەسـەر سـامپڵی توێژینەوەکەدا، بەئامانجی وەڵامدانەوەی پرسی: ئایا فەیسـبوك توانیویێتی دیدێك لای جەماوەرێکی دیاریکراو بسـازێنێت سـەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو کە لەوەوپێش هیچ زانیارییەك نەبوبێت لەسەری، یان هەبوبێت بەڵام پەرت و بڵاو بووبێت و ئەم رێکی خسـتبێتەوە یان ئەم گۆڕانی بەسـەر دیدەکەدا هێنابێت و دایرشـتبێتەوە؟ توێژینەوەکە دەکەوێتە دوای ئەم ئامانجە و لەکۆتاییدا بەئەنجامی دەگەیەنێت.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسـفی)یە و بۆ تاوتوێکردنی لایەنی (کردەنی)یەکەشی پشت بە ڕێکاری (ڕووماڵکاری/مسحی) بەستراوە و لە ڕێی پیادەکردن و بەگەڕخستنی (ڕاپێوینامە)یەکی تایبەتەوە بۆ ئەو مەبەستە. پرسیارەکان لە خوێنـدکارانی بەشی راگەیانـدن- قۆناغی چوارەم لە زانکۆی سـلێمانی کراوە دەربارەی کاریگەریێتی فەیسـبوك لەسـەر پێکهاتنی رای گشـتی.. توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشـتووە کە فەیسـبوك هەندێجار کاریگەریی هەبووە لە پێکهاتنی رای گشـتیدا و توانیویەتی کاریگەری لەسـەر بۆچوون دابنێت دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، هەروەها هاوکاربووە لە دروسـتبوونی دیدێکی جێگیرو پتەو لەسـەر پرسـەکان و هەندێجار توانیویەتی دابینکەری زانیاریی جێ مەبەسـتیش بێت سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان و ئەم دەرەنجامانە لەناواخنی توێژینەوەکەدا بە ژمارە و داتا خراونەتە ڕوو.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەریێتی، سۆشیاڵ میدیا، فەیسبوك، پێکهاتن، رای گشتی.

### پێشەکی

دروستبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و لەناویدا فەیسبوك بە بەراورد بە راگەیاندنی کلاسیکی مێژوویەکی نوێی هەیە لە جیهان و هەرێمی کوردستاندا، فەیسبوك سەکۆیەکە هەلی ڕەخساندووە بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵ کە زانیاری وەربگرن و ئاڵوگۆری بکەن، لێرەوە پرسی کاریگەری ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە دەردەکەوێت و دەبێتە جێی بایەخ و گفتوگۆی شارەزایانی بواری راگەیاندن و سیاسەت و کۆمەڵناسی و تاد.. پرسی رادە و چۆنێتی درووستبوونی ئەم کاریگەرییە بڕوای لای توێژەر دروستکرد کە لەرێگەی توێژینەوەیەکەوە تاوتوێی بکات و بە وەڵامی پرسەکان بگات، لەو روانگەیەوە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (کاریگەریێتی فەیسبوك لەسەر پێکهاتنی رای گشتی).

زانین و تێگەشتن لە کاریگەری فەیسبوك لە پێکهاتنی رای گشتیدا جێگای بایەخی رۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی بواری راگەیاندن و هەندێك لە زانستەکانی ترە، هەروەها بەهەمانشێوە لای بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە جێگەی گرنگیپێدانە، هەربۆیە کاری توێژینەوەی زانستییە کە تاوتوێی مەسەلەو کێشەکانی کۆمەڵ بکات، لەو روانگەیەوە دەرخستنی کاریگەری فەیسبوك لە پێکهاتنی رای گشتیدا خراوەتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ رێبازنامە کە باس لە (کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، جۆرو رێبازی توێژینەوە ، راستگۆیی توێژینەوە، دیاریکردنی چەمکەکان) دەکرێت.

بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیەو لە دوو چەمك پێکهاتووە چەمکی یەکەم باس لە (چەمکی فەیسبوك و گەشەی مێژوویی و ئەرکەکانی فەیسبوك) دەکات و چەمکی دووەم باس لە (چەمکی رای گشتی و گەشەی مێژوویی و ئەرکەکانی هەروەها هەردوو رای گشتی و فەیسبوك) دەکات.

بەشی سێیەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەی لە خۆگرتووە (کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە، ئامادەکردنی راپێوینامەکەو دابەشکردنی، دەرهێنانی رێگەی دروستیی راپێوینامەکە، خستنە رووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان) خراوەتەروو.

لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجام و پێشنیار راسپاردەیەك کۆتایی هاتووە.

## بەشی یەکەم
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوە

باسکردن لە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناویشیاندا فەیسبوك بووەتە گفتوگۆی شارەزایانی راگەیاندن و ناوەندەکانی خوێندن و رۆژنامەنووسان و بەکارهێنەرانی تۆڕەکە، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییەوەیە کە ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە دەیگێڕێت و جەمسەری جیاواز دروست دەبێت، دەربارەی کاریگەرییەکانی ئەم تۆڕەش پرسی جیاواز هەیە کە پێویستی بەوەڵامدانەوەو تێگەشتنە، ئەمە توێژەر

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 2(2023) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n2y2023.pp55-62

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 10 كانون الاول 2022؛ قُبل في 18 كانون الثاني 2023؛ نُشرت في 17 نيسان 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : adil.muemen@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2023 عادل حمه عارف مؤمن. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هانده‌دات له‌م پرسه بكۆڵێته‌وه‌و تاوتوێی بكات و وه‌ڵامی ئه‌م پرسانه بداته‌وه كه لای خودی توێژه‌ریش دروستبووه:

1. ئایا فه‌یسبوك توانیوێتی گۆڕان له تێڕوانینه‌كاندا بكات، سه‌باره‌ت به بابه‌تێكی دیاریكراو؟
2. ئایا فه‌یسبوك توانیوێتی كۆی دیدێك سه‌باره‌ت به بابه‌تێكی دیاریكراو بگۆڕێت؟
3. ئایا فه‌یسبوك توانیوێتی دیدێك بسازێنێت سه‌باره‌ت به بابه‌تێكی دیاریكراو كه له‌وه‌وپێش هیچ زانیارییه‌ك له‌سه‌ری نه‌بوبێت؟
4. ئایا فه‌یسبوك توانیوێتی دیدێكی په‌رتوبڵاو سه‌باره‌ت به بابه‌تێكی دیاریكراو، ڕێكبخاته‌وه و سه‌رله‌نوێ دابڕێژێته‌وه؟

## گرنگی توێژینه‌وه

گرنگی ئه‌م توێژینه‌وه له‌وه‌دا ده‌رده‌كه‌وێت ده‌یخاته روو كاریگه‌ری فه‌یسبوك له پێكهاتنی رایگشتیدا، توێژینه‌وه‌كه گرنگه بۆ كۆمه‌ڵ له‌به‌رئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی به كۆی تاكه‌كانی كۆمه‌ڵه‌كه‌وه هه‌یه‌و بۆیان ده‌خاته روو كه فه‌یسبوك كالریگه‌ری هه‌یه له‌كۆمه‌ڵدا و رووداو درووست ده‌كات ، هه‌روه‌ها ئه‌م توێژینه‌وه‌یه زیادكردنێكه بۆ زانست و لایانی زانستی به‌ره‌و پێشتر ده‌بات و گه‌شتن به راستییه‌كه ، رایگشتی جێگای گرنگی ڕاگه‌یاندن و زانسته‌كانیتره، گرنگییه‌كی تری ئه‌م توێژینه‌وه له‌وه‌دایه توێژه‌ر ده‌گه‌یه‌نێت به ده‌رهاویشته‌یه‌ك له‌سه‌ر كاریگه‌ریی فه‌یسبوك له پێكهاتنی رای گشتیدا.

## ئامانجی توێژینه‌وه

ئامانجی ستراتیژی ئه‌م توێژینه‌وه‌یه زانینی راده‌ی كاریگه‌ریتی تۆڕی كۆمه‌ڵایه‌تی فه‌یسبوكه له‌سه‌ر جه‌ماوه‌رێكی دیاریكراو له پێكهاتنی رای گشتی دا سه‌باره‌ت به بابه‌تێكی دیاریكراو ئه‌وه‌ش له‌رێی به‌دیهێنانی ئه‌م ئامانجه تاكتیكییانه‌وه ده‌بێت:

1. ئاشكراكردنی توانای فه‌یسبووك له پیاده‌كردنی گۆڕانێك له تێڕوانینی جه‌ماوه‌رێكدا.
2. ئاشكراكردنی توانای فه‌یسبوك له گۆڕینی كۆی دیدی جه‌ماوه‌رێكدا.
3. گه‌یشتن به‌وه‌ی كه ئایا فه‌یسبوك توانیوێتی دیدێك لای جه‌ماوه‌ر بسازێنێت سه‌باره‌ت به بابه‌تێك كه‌له‌وه‌وپێش هیچ زانیارییه‌ك نه‌بووبێت له‌سه‌ری.
4. ئاشكراكردنی ئه‌وه‌ی كه ئایا فه‌یسبوك توانیوێتی دیدێكی په‌رتوبڵاوی جه‌ماوه‌ر، سه‌باره‌ت به بابه‌تێك، ڕێكبخاته‌وه و سه‌رله‌نوێ بۆی دابڕێژێته‌وه.

## سنوری توێژینه‌وه

شوێن: ئه‌م توێژینه‌وه‌یه له شاری سلێمانی ئه‌نجامدراوه، له زانكۆی سلێمانی – به‌شی راگه‌یاندن.

مرۆیی: خوێندكارانی قۆناغی چواره‌می به‌شی راگه‌یاندن وه‌ڵامی فۆرمی راپێوییه‌كه‌یان داوه‌ته‌وه.

## جۆرو ڕێبازی توێژینه‌وه

ئه‌م توێژینه‌وه‌یه، توێژینه‌وه‌یه‌كی (وه‌سفی)یه و بۆ تاوتوێكردنی لایه‌نی (كرده‌نی)یه‌كه‌شی پشت به ڕێكاری (ڕووماڵكاری/مسحی) به‌ستراوه و له ڕێی پیاده‌كردن و به‌گه‌رخستنی (ڕاپێوینامه)یه‌كی تایه‌ته‌وه بۆ ئه‌و مه‌به‌سته. و پرسیاره‌كان له خوێندكارانی به‌شی راگه‌یاندن- قۆناغی چوارم له زانكۆی سلێمانی كراوه ده‌رباره‌ی كاریگه‌ریتی فه‌یسبوك له‌سه‌ر پێكهاتنی رای گشتی.

## راستگۆیی توێژینه‌وه

راستگۆیی ئه‌م توێژینه‌وه‌یه بریتییه له قۆناغی دوای دروستكردنی فۆرمی راپرسی و، دواتر ئه‌و فۆرمه خراوه‌ته به‌رده‌ستی پسپۆڕانی بواره‌كه هه‌تا تێبینییه‌كانیان بخه‌نه‌ڕوو، به‌مه‌به‌ستی هه‌ڵسه‌نگاندن، پسپۆڕه‌كان سه‌رنج و تێبینیه‌كانیان خسته ڕوو، فۆرمه‌كه هه‌ندێك هه‌ندێك گۆڕانكاری به‌سه‌ردا هات، له‌ئه‌نجامدا توێژه‌ر هه‌ستا به دارشتنه‌وه و ئاماده‌كردنی فۆرمه‌كه له‌شێوه‌ی كۆتاییدا، ئه‌نجامی پێوه‌ری ڕاستی گه‌یشته 90% ئه‌وانیش ئه‌م پسپۆڕانه بوون، كه‌به‌پێی پله‌ی زانستیان ڕیزبه‌ندكراون:

پ. د. هێمن مه‌جید، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانسته مرۆڤایه‌تیه‌كان، به‌شی ڕاگه‌یاندن، ته‌له‌فزیۆن.

پ.ی. د. عومه‌ر ڕه‌مه‌زان، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانسته مرۆڤایه‌تیه‌كان، به‌شی ڕاگه‌یاندن، رۆژنامه.

د. جوان جلال الدین، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانسته مرۆڤایه‌تیه‌كان، به‌شی ڕاگه‌یاندن، رۆژنامه.

## پێناسه‌ی چه‌مكه‌كان:

**كاریگه‌ریتی**: مه‌به‌ست له كاركردنی بگۆڕێكی سه‌ربه‌خۆی وه‌ك تۆڕی كۆمه‌ڵایه‌تی فه‌یسبوكه له‌سه‌ر بگۆڕێكی وابه‌سته‌ی وه‌ك پێكهێنانی رای گشتی، ده‌رخستنی ئه‌و جۆری كاركردنه له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا پێی ده‌وترێت كاریگه‌ریتی، بۆ ده‌ستكه‌وتنی ئه‌نجامێكی دیاریكراو له‌سه‌ر بابه‌تێكی دیاریكراو.

**فه‌یسبوك**: شێوازێكی نوێی راگه‌یاندنی ئه‌لیكترۆنییه كه به‌تۆڕێكی كۆمه‌ڵایه‌تی ناوده‌برێت و له زۆربه‌ی وڵاتانی جیهاندا فه‌راهه‌مكراوه‌و به‌كارهێنه‌ری هه‌یه. له‌م توێژینه‌وه‌یه‌شدا له‌لایه‌ن سامپڵی توێژینه‌وه‌كه‌وه به‌كارده‌هێنرێت.

**رای گشتی**: هه‌ڵوێست و تێڕوانینی ژماره‌یه‌كی زۆری خه‌ڵكی ناو كۆمه‌ڵه كه به‌شێوه‌یه‌كی ڕێژه‌یی كارده‌كاته سه‌ر چه‌سپاویی پرس و بابه‌ت و به‌هاكان له ناو كۆمه‌ڵدا. مه‌به‌ست لێی دروستبوونی هه‌ڵویست و كاردانه‌وه‌كانه له‌لایه‌ن سامپڵی توێژینه‌وه‌كه‌وه ده‌رباره‌ی پرسه‌كان ئه‌مه‌ش به‌هۆی به‌كارهێنانی تۆڕی كۆمه‌ڵایه‌تی فه‌یسبوكه‌وه.

# به‌شی دووه‌م
# لایه‌نی تیۆری توێژینه‌وه‌كه

## یه‌كه‌م: فه‌یسبوك

### *چه‌مك و پێناسه‌ی فه‌یسبوك:

فه‌یسبوك به‌تۆڕێكی كۆمه‌ڵایه‌تی داده‌نرێت تایبه‌ت به‌په‌یوه‌ندییه‌كه‌سیی و تایبه‌تییه‌كان كه تێیدا به‌كاربه‌ر ده‌توانێت په‌یوه‌ندییه‌كان له‌گه‌ڵ دۆست و نزیكه‌كان دابمه‌زرێنێت، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا فه‌یسبوك ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی ره‌خساندووه كه گفتوگۆی پرسه‌سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانیش بكرێت و به‌شداریی چالاكییه‌كانی كۆمه‌ڵگا بكرێت (گوده‌رزی، سیاوه‌ش: 2012 ،141). ئه‌م تۆڕه تۆڕێكی كۆمه‌ڵایه‌تییه ژماره‌یه‌كی یه‌كجار زۆر ئه‌ندامی چالاكی هه‌یه‌و رۆژبه‌رۆژیش ئه‌ژماری فه‌یسبوك له زیادبووندایه.

فەیسبوک سایتێکی تۆڕی کۆمەڵایەتییە کە لە شوباتی ( ٢٠٠٤ ) لەلایەن مارک زوکەربێرگ لە زانکۆی هارڤارد دامەزراوە، سایتەکە لە بنەڕەتدا بۆ خوێندکارانی زانکۆ دروست کرا، بەڵام بەکارهێنەرانی لە ماوەیەکی کەمدا فراوان بوون (Kotkavuori. 2015:7).ئەرکە سەرەکییەکانی فەیسبوک بریتییە لە دروستبوونی تۆڕ ێکی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی کارلێکە لە نێوان بەکارهێنەرەکانیدا، بەکارهێنەران دەتوانن وێنە و ڤیدیۆ و بابەتی دیکە بلاو بکەنەوە و ئەوانی دیکە بیبنن و لایک و کۆمێنتیان هەبێت. بەکارهێنەرانی فەیسبوک دەتوانن لە سایتەکەدا یەکتر بدۆزنەوەو پەیامی ئاشکرا و تایبەت بۆ یەکدی بنێرن (Kotkavuori. 2015:8).

### *دەرکەوتن و گەشەی فەیسبوك:

دروستبوونی فەیسبوك دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2004 مارك زوکەربێرگ و ژمارەیەکیتر لە هاوڕێ خوێندکارەکانی لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا بناغەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکیان دانا، فەیسبوك لەسەرەتادا تایبەت بوو بەخوێندکاران و هەر بۆ هەمان مەبەستیش دامەزرابوو، لەساڵی 2005 بەدواوە فەیسبوك گەیشتە دەرەوەی زانکۆ (گۆدەرزی، سیاوەش: 2012، 139). بەکارهێنەری فەیسبوك دەتوانێت هەواڵەکان بگوازێتەوە لە تۆڕەکەدا و لەگەڵ بەکارهێنەرەکانی تردا چالاکی ئەنجامدەدەن بابەتەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، هەروەها لەم تۆڕەکۆمەڵایەتییەدا پەیامی بازرگانیش دەنێررێت(ئیبراهیم، عەبدولخالق: 89،2014)، سەرەڕای ئەوەی فەیسبوك لە بنەڕەتدا بۆ خوێندکارانی زانکۆ دانرابوو لە لایان مارك زوکەربێرگ ەوە بەڵام ئێستا هەموو کەسێك دەتوانێت ئەژماری لە فەیسبووك هەبێت، هەروەها مارك زوکەربێرگ بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیای فەیسبوکەو هەر خۆشی دامەزرێنەریەتی (beshared.bg/en/News).

### *ئەرکەکانی فەیسبووك:

هەر وەك جۆرەکان و هۆکارەکانیتری راگەیاندن، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکیش بەمەبەستی جێبەجێکردنی چەندین ئەرکی لەئەستۆدایە و جێبەجێی دەکات ، گرنگترین ئەو ئەرکانە بریتین لە:

1- **ئەرکی ئاگادارکردنەوەو پەروەردەکردن:** فەیسبوك ئامرازێکە دابینی زانیاریی دەکات، لە رێگەیەوە بەکارهێنەر زانیاری وەردەگرێت و ئاگادار دەبێت دەربارەی سیاسەت، تەندرووستی، رووداوەکان، هەروەها لەسەر ژیانی هاوڕێ و ...تاد، فەیسبوك دابینی زانیاری بەسود و سەرنجراکێش دەکات.

2- **ئەرکی پشووسازی:** بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی کە کاتێکی خۆش بڕەخسێنێت، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك چەندین بژاردەی خستۆتە بەردەست بەکارهێنەرانی سەکۆی پەیوەندیکرن و گفتوگۆی نێوان بەکارهێنەران، پێشکەشکردنی یاری و دەرفەتی دانانی ڤیدیۆ و وێنەی کۆمیدی و دەرفەتی ئاڵوگۆڕکردنی بۆ دابینکردنی کەشێکی خۆش بۆ بەکارهێنەران، کە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە بەکاربەر بەشداریدەکات لە پرسەکان و خۆی پیشاندەدات و کاریگەری دروستدەبێت.

3- **ئەرکی چارەسەرکردنی کێشە:** لایانە جیاوازەکان رێگای پەیوەندیکردن بە جەماوەرەکەیانەوە دەزانن و ئاراستەیان دەکەن کە تێروانینەکانیان چۆن دەبێتە چارەسەرکەری کێشەکانی جەماوەرەکە، بەنموونە لە دنیای بازرگانیدا سەرمایەدارەکە لە فەیسبوکدا ریکلام بۆ جۆێك لە تایەی ئۆتۆمبێل دەکات کە توانای هەیە شوێنی بەفراوی و سەهۆڵ و خلیسك بەئاسانی و سەرکەوتوویی ببڕێت، وەك ئاشکرایە کە شۆفێران لەکاتی کەشێکی لەو شێوە نالەباردا کێشەی هاتوچۆیان بۆ دروستدەبێت، بەڵام بەهۆی ئەرکی فەیسبوکەوە لە چارەسەرکردنی کێشەدا ئەو

دەرفەتە رەخسێنراوە کە بەکارهێنەرانی فەیسبوك بانگەشە بۆ بیرو بەنامەکانیان بکەن (beshared.bg/en/News).

سەرەڕای ئەو ئەرکانەی خراونەتەروو توێژەر ئەرکەکانی تری فەیسبوك لەوەدا دەبینێت کە ئازادیی بۆ بەکارهێنەر فەراهەم دەکات و تاکەکان لە تۆڕەکەدا زیاتر گوزارشت لە خۆیان دەکەن بەبەراورد لە هۆکارەکانیتری راگەیاندن و کەمتر رووبەرووی بەرگرتن و سانسۆر دەبنەوە، هەروەها بەکارهێنەرانی تۆڕەکە هەلی گفتوگۆکردن و پێکەوە بوونیان و کارلێککردنیان زۆر فراوانە و فەیسبوك کۆمەڵ کۆدەکاتەوەو بچوکدەکاتەوە لە تۆڕەکەیدا. تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك وەڵامی پێداویستییەکانی جەماوەری ئێستا دەداتەوەو چەندین بژاردە دەخاتە بەردەستی و جەماوەر دەکات بەبەکارهێنەرێکی خاوەن پەیام و خاوەن کاریگەریی، گروپ و پەڕە ی تێدایە کە دەیان سەدان هەزار بەکارهێنەر تێیدا کۆدەبنەوەو ئەم تاکانە زیاتر خاوەنی بۆچوونی هاوبەش و لەیەکتر نزیکن و پلان و حەزو بەرنامەکانیشیان لەیەکەوە نزیکن و زۆر جار بۆ یەك ئامانج و لەکاتێکی دیاریکراودا لە گفتوگۆدان.

## دووەم: ڕای گشتی

### *چەمك و پێناسەی رای گشتی:

هەر لە مێژووی کۆنەوە ئاماژەی دیار هەیە لە سەر ئەوەی خەلك رایان هەبووە لەسەر بابەت و بوارەکانی پەیوەندیدار بەخۆیانەوە، بەجۆرێك کاریگەرییان هەبووە لەسەر یەکلاکردنەوەی بابەتەکان و گۆڕین یان چەسپاندنیاندا، هەروەها ئاماژە هەیە کە فەرمانڕەواکان گرنگییان بە خەڵك داوەو گوێیان لێگرتوون ، ئەم ئاماژانەش دەردەکەون لەسەردەمی بابلی و ئاشوری و پێغەمبەرانی ئیزڕایلی و دیموکراتییەکەی یۆنانی کۆندا و سەدەکانی ناوەراستدا.

زۆرێک لەفەیلەسووفەکان بە لای کەمەوە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە باسیان لەسروشتی (بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ) کردووە، بەڵام چەمکی 'ڕای گشتی' تا سەدەی هەژدەیەم بەکارنەهاتووە، لە سەدەی هەژدەیەمدا فەلسەفەی سیاسی ڕۆشنگەریی فەڕەنسی– و ئینگلیزی گەشەیدا بە جەماوەری بۆرجوازیی لیبڕاڵی (Holtz-Bacha and Strömbäck, 2012,26).

(کانت) جەختی لە گرنگیی (گفتوگۆی گشتیی ئازاد) کردەوە وەک ئامرازێک بۆ گەشەسەندن و دەربڕینی عەقڵانییەتی سەربەخۆ، بێنثام (Bentham) پشتگیریی (ڕۆژنامەگەریی ئازاد) ی دەکرد وەک ئامڕازێک بۆ چاودێریکردنی حکومەت، هەروەها جەماوەری دابەشکردبوو بۆ ٣ چین، دوای نزیکەی (٣٠٠) ساڵ لە گفوگۆکردنی چەمکی ڕای گشتی، هێشتا کۆدەنگییەک نییە بۆ پێناسەکردنی ڕای گشتی (Holtz-Bacha and Strömbäck, 2012,27).

لە سادەترین پێناسەیدا ڕای گشتی گوزارشت لە بیری گروپێکی دیاریکراو دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ( American Journal:1928,959).

### *دەرکەوتن و گەشەی رای گشتی:

لەسەردەمی جاکوس نیکەر (JacquesNecker) وەزیری داراییی لە شۆڕشی فەڕەنسیدا چەمکی رایگشتی گەشەی کردوو چووە قۆناغێکی ترەوە (www.britannica.com)، جان جاك رۆسۆ یەکەمین فەیلەسوف بوو کە کە گوزارشتی رای گشتی (Public opinion) ی لەسەدەی هەژدە بەکارهێنا لە میانەی باسکردنی پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەسەردەمی نوێشدا واڵتەر لیپمان یەکەمین کەسبوو لەساڵی 1922 بە تێروتەسەلی باسی لە رایگشتی و حوکمڕانی کردووە

لەکتێبەکەی بەناوی (رای گشتی حوکمڕانی میللی) (عزی، عەبدولرەحمان: 2012، 41).

لەرووی زمانەوانییەوە رای گشتی لە لێکدانی دوو وشە (ڕا) و (گشتی) پێکهاتووە (ساڵح، مەجید: 2004، 7)، رای گشتی بریتییە لەو باوەڕە هاوبەشەی کە کۆمەڵێك خەڵك لەسەری رێککەوتوون و تێیدا بەرژەوەندییە هاوبەش و تێڕوانینە هاوبەشەکانیان سەبارەت بە کێشەیەك یان بابەتێك لەبەرچاو دەگرن.

رای گشتی گردبوونەوەی گشتی راکانە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بەرامبەر مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان یان ئاکارییەکان یان سیاسییەکان، رای گشتی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورەیە و خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزە، هەرچەندە هێزی جێبەجێکردنی نییە بەڵام نابێت گوێی لێنەگیرێت (ساڵح، مەجید: 2004، 8).

رای گشتی هەڵوێستی هەڵبژاردەی گشتیی خەڵکە دەربارەی ئەو پرسانەی پەیوەندیدارن بە حکومەت و سیاسەتەوە و رای گشتی بە دیاردەیەکی ئاڵۆز و پرمشتومڕ دادەنرێت کە توێژەران چەندین پێناسەیان بۆ کردووە (2012,277 David L).

رای گشتی واتا هەڵوێستی خەڵکانێك لە هەمان توێژی کۆمەڵایەتی لەسەر بابەتێك، یان رای گشتی راوبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگایە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرسێکی گرنگ، یان رای گشتی سیستمێکی ئاڵۆزی ئەو هەڵوێستانەیە، کە خەڵکانێکن دەربڕی لەبارەی کێشەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی (عزی، عەبدولرەحمان: 2012، 41).

لە زۆربەی کتێبەکانی زانستی کۆمەڵناسیدا رای گشتی بەوە پێناسەکراوە کە بریتییە لە (کۆی گشتی رای تاکەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بابەتێك کە کاریگەری هەیە بۆ سەر ژیانیان.

*بەگشتی چەند خاڵێکی هاوبەش هەن لەبارەی رای گشتی:

1. هەبوونی کێشەیەك کە خەڵکانێکی سەرقاڵکردبێت، هەر بابەتێکیش رایگشتی تایبەت بە خۆی دێنێتە بەرهەم.
2. بایەخپێدان هەبێت، سەرەتاش تاکەکەسەکان زیاتر بایەخدارن بەو پرسەوە، ئینجا پەرەدەگرێت بەهۆی خەڵکانی زیدە چالاك وەك سەرکردەکانی ڕا.
3. هەبوونی وتوێژێکی ئازاد، رایگشتی زادەی ئەو ئەنجامەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا پێی گەیشتوون پاش ئەوەی مشتومڕەکە بەکۆتا هاتووە لەبارەی هەمان کێشە، ئینجا پاش ئەو کێشەمەکێشە کۆدەنگی درووستدەبێت، هەر بۆیە رایگشتی بوونی نییە لەو کۆمەڵگانەی کە گفتوگۆی ئازاد و رۆژنامەوانیی ئازادیان تێدا نییە.
4. گوزارشت لە رایگشتی بەهۆی ئامرازی میدیاوە (عزی، عەبدولرەحمان: 2012، 42).

توێژەر رایوایە رای گشتی ئەو راکاریگەرەیە کە لە ژینگەی ئازاد و لە ئەنجامی بیرکردنەوەو زانین و هۆشیارییەوە لە کۆمەڵگادا پێکدێت بەرامبەر بە پرسێك و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا دەبێت.

لەو روانگەیەوە توێژەر پێیوایە ژینگەی پێکهاتنی رایگشتی بە ئاسانی نایەتەبوون، چونکە لە لایەکەوە زۆررینەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئاستێکی بەرزی پێگەشتوودا نین کە بتوانن ئازادبن لە هەموو ئەو بیرو ئاکارانەی کە هەر لە رابردووەوەوە بۆیان دروستبووە بە هۆی دابونەریتی هۆزو کۆمەڵگاکەیانەوە هەروەها بەهۆی ئاین و ئەو یاساو مەرجانەی کە حکومەت کۆمەڵگای پێ کۆنترۆڵکردووە.

بۆیە رایگشتی لە بنەڕەتدا رای کەمینەیەکی نوخبەی ناو کۆمەڵگاکەیە کە بە چەندین پرۆسە ئەم رایە دەگوازرێتەوە بۆ لای زۆرینە یان هەموو کۆمەڵگاکە، ئەم گواستنەوەیەش بەپلەی یەك هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری ئەنجامیدەدەن و (را) کە گفتوگۆدەکرێت بەهێزدەبێت و تا جێگیر دەبێت و یەك هەڵوێستی درووستدەبێت.

### *ئەرکەکانی رای گشتی:

ئەرکی رایگشتی لە هێشتنەوەو بەردەوامبوونی دیموکراتیدا دەردەکەوێت چونکە رایگشتی سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتە بەهۆیەوە لایانی سیاسیش لە کۆمەڵگادا بایەخ بە کۆمەڵ دەدات، هەر بەهۆی ئەم ئەرکەی رایگشتییەوەیە حکومەت ناتوانێت بەتەواوی دژی هەموو کۆمەڵ بێت چونکە دواتر دەسەڵاتی لێوەردەگیرێتەوە و کەسانی تر دێنە دەسەڵات، خەڵك دەتوانێت لە هەڵبژاردندا دەنگ بە نوێنەرەکانی نەیاتەوە ئەگەر لای پەسەند نەبێت، هەرچەندە راگەیاندنەکان و هۆکارەکانی تری کاریگەر لە رایگشتی دەتوانن ئەم ئەرکەی رایگشتی بەلارێدا ببەن و ئاراستەی بگۆڕن (www.enotes.com).

ئەرکێکی تری رایگشتی خۆی دەبینێتەوە لە دەرچوونی یاساکان ، ئەو یاسایانەی حکومەت دەریدەکات لەسەر بنەمای خواست و داواکانی رایگشتییە، هەربۆیە سەرچاوەی یاساکان رای گشتییەو و ئەرکی دەرچوونیان لە ئەستۆی رایگشتیدایە ، هەروەها ئەرکی رایگشتی هێشتنەوە یان نەهێشتن و گۆڕینی یاساکانە، تەنها ئەو یاسانە بەباشی جێبەجێدەکرێن و ئەنجامیان دەبێت کە لەلایان رایگشتییەوە پاڵپشتی دەکرێن.

هەروەها ئەرکی رایگشتییە کە پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکان بکات، ماف و ئازادیی خەڵك پێویستی بە پاراستنە، رایگشتی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆدایە و رێکانادات بە سەرپێچیکردن.

ئەرکی رایگشتییە لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتی وڵات، حکومەت سیاسەتی گشتی دادەنێت لەسەر بنەمای ویست و داوای رایگشتی، رایگشتی ئەرکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکات، گۆڕان و چاکسازیی و کردار لە لایانی کۆمەڵایەتیدا بەویست یان نەویستنی رایگشتی یەکلادەبێتەوە، هەروەها لەپشتی هەموو چالاکییەکی حکومەت رایگشتی وەستاوە و بەهێزترین ئامرازی کۆنترۆڵکردنی حکومەتە (www.preservearticles.com).

ئەرکی رای گشتی لە روانگەی توێژەرەوە درووستبوونی دۆخێکی باش و بونیادنانێکی پۆزەتیڤانەو داواکردنێکە بە ئاراستەی پتەوکردنی ئازادیی و مەدەنیبوون و شارستانیەت و ئەم رایە بە ئاراستەیەکە بەرهەمەکەی درووستکردنی بارێکی سەقامگیرە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی، لەبەرئەوە رای گشتی کە پێکدێت ئەرکی ئەوەیە کە مەترسییەك هەیە لە کۆمەڵگا لابدرێت، ئەرکی رای گشتی وەستانەوەیە دژی هەر دیاردەو بڕیارێك کە مەترسی درووستدەکات و زیان بە خەڵك دەگەیەنێت، چونکە لە ناو کۆمەڵگادا کەسان و گرووپی خراپ و سەرکێش هەیە کە ئامانجیان بەرژەوندیی تایبەتی خۆیانە لەسەر جەستەی بەرژەوەندی گشتی، بۆیە لەم کاتەدا ئەرکی رایگشتییە رووبەرووی بوون و بەرنامەی ئەم تاقمانەش دەوەستێتەوە، رای گشتی لەو وڵاتانەی کە سیستمێکی بەرێوەبردنیان هەیە کە مافی مرۆڤ پارێزراوە گوێ لە رای گشتی دەگیرێت، بە پێچەوانەشەوە لەو وڵاتانەی کە حکومەتەکانیان تاکڕەو و خۆسەپێنن رێگری دەکەن لە پێکهاتنی رایگشتی و لە کاتی هەبوونیشیدا بەرامبەری دەوەستنەوەو سەرکوتی دەکەن.

### سێیەم: پەیوەندی فەیسبوك و ڕای گشتی:

فەیسبوك گۆرانکاری لە شێوازی پەیوەندیکردنی تاکەکان بەیەکترەوە لە کۆمەڵگەدا درووستکردووە هەلی گەشتنیان بەیەك خێراتربووە هەروەها توانای

پەیوەندیکردن بە کۆمەڵەکانیتریشەوە خێراتربووە و بازنەکە فراوانتربووە، فەیسبوك ئەو توانای داوە بەتاکەکان کە بتوانن پەیوەندی بە تاکێك بکات کە پێشتر نەیناسیوە، فەیسبوك جیهانی بچوکتر کردۆتەوەو ملیۆنان خەڵکی لە تۆڕەکەدا کۆکردۆتەوە، هەروەها لەم تۆڕەدا ریکلام هەیەو کۆمپانیاکان بە ئاسانی دەستیان بە کرپار دەگات.

بەکارهێنەری فەیسبوك دەتوانێت گروپە کۆمەڵایەتیانە بدۆزێتەوە و پەیوەندییان پێوەبکات کە بۆ مەبەستی هاوبەش کۆبوونەتەوە، هەروەها فەیسبوك کاریگەری خراپیشی هەیە لەسەر کۆمەڵ چونکە کاتێك بەکاربەر کاتێکی زۆر تۆڕەکە بەکاردێنێت، ئەو کاتە کاتی بینینی رووبەروو لەگەڵ ئەوانیتردا کەمتر دەبێتەوە، هەروەها ئەو بابەتانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات لە فەیسبوك کەمتر کەسین زیاتر دەربارەی ژیانی ئەوانی ترە لە شێوازی کاریان لە حەزەکانیان لە تێروانینیان بۆ پرسەکان...تاد،.

هەروەها تاکەکانی کۆمەڵ لە بەکارهێنانی فەیسبوك نیگەران دەبن، لەو رووەوەی کە ئەگەری رووبەرووبوونەوەی ناوزراندن و گاڵتەپێکردن و سوکایەتی و بێزارکردن هەیە، چونکە بە تەنها هێرشی بەکارهێنەرێك بۆ سەر ئەوی تر هۆکارە بۆ ئەوەی کە سەدان و زیاتر بەکارهێنەرێی تر بنەری بن و هەندێکیشیان دەبن بە بەشێك لەو هەڵمەتە.

گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵدا دێت لەرووی هاتنی شێوەی زمانی جیاواز، بەهۆی ئەوەی نەوەیەك هەیە کە بەکارهێنەری فەیسبوك و ئینتەرنێتن بە گشتی، ئەمانە ووشەو تێگەیشتنی رێکەوتن لەسەر کراو دەهێننەوە جیهانی راستەقینە لەناو کۆمەڵەکەیاندا، هەروەها ئەو ئازادییەی تاکەکانی کۆمەڵ لە فەیسبوکدا هەیانە بووە بەهۆکاری ئەوەی زیاتر لە ژیانی راستەقینە راوەرنجی خۆیان بخەنە روو و بەجۆرێك مامەڵە بکەن لە تۆڕەکەدا کە جیاوازە لە ژیانی ئاساییان، بەهۆی ئەو کاریگەرییەوە کە فەیسبوك هەیەتی، بەمکارهێنەرانی تۆڕەکە کەم هاوسۆزن بەرامبەر ئەوانی تر، بۆیە لەدورمەودا دا فەیسبوك زیانی گەورەتری دەبێت بۆ کۆمەڵ بەگشتی (www.pitlanemagazine.com).

توێژەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بەئامرازێکی راگەیاندنی کاریگەر دادەنێت کە لەرێگەی رەخساندنی هەلی پەیوەندیکردنی بەکارهێنەران بەیەکەوە، پرسو بابەتەکانی کۆمەڵ تاوتوێدەکرێت و هەوڵی چارەسەرکردن یان هێشتنەوەیان دەدرێت، فەیسبوك بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە توانیویەتی کاریکان لە کۆکردنەوەی (را)کان و سەرەنجام رایەکی گشتی پێکهاتووە، بۆیە دەرفەتی پێکهاتنی رایگشتی لە تۆڕەکەدا زۆر بەهێزەو بەکارهێنەرەکان بەهۆی لایەنە هاوبەشەکانی وەك بەهاو بایەخ و تێروانین کەهەیانە یەکتر دەبیننەوە لە تۆڕەکەدا و جەمسەر درووستدەکەن و دەبنە هێزو بەربەست بەرامبەر لایانی دژیان، هەروەها ئەم راگشتییە کە پێکهاتووە لە تۆڕەکەدا بە چەندین قۆناغدا رۆشتووە هەر لە گۆڕینی رەفتاریان و بەهێزبوونی بۆچوونیان تا درووستبوونی یەکێتییەك.

ئەم رایە گشتییە زۆربەی جار رووی لە حکومەتە و لەشێوەی نارەزاییدا نمایش دەکات و بەهێزەو گۆرانکاری درووستدەکات یان ئەگەر حکومەت یان هەر لایانێکی تری بەرامبەری رایگشتی قایل نەبێت بە داواکان ئەوا هەندێ جار ئاڵۆزی زیاتر درووستدەبێت تا ئەوەی حکومەت دەروخێت.

### بازنەی کاری فەیسبوك لەسەر رای گشتی:

ئەو کارانەی **فەیسبوك** وەك کایەیەکی راگەیاندن دەیکات لەسەر رای گشتی لەم چوار دەروازەوەیە:

1. دانان (تأسيس) ئەگەر بابەتەکە نوێ و تازە بوو ئەوا راگەیاندن دێت و رایەك لەو بارەیەوە دادەنێت.
2. پشتگیری (دعم) ئەگەر بابەتەکە پێشتر هەبوو و رای گشتی لەسەربوو لە ساڵحی دەسەڵاتیش بوو پێی رازی بوو ئەوا راگەیاندن پشتیوانی دەکات.
3. گۆڕانکاری (تغير) ئەگەر بابەتەکە پێشتر هەبوو و رای گشتی لەسەربوو بەڵام بەگشتی یان جوزئی لە ساڵحی دەسەڵات نەبوو ئەوا راگەیاندن دێت و گۆڕانکاری لەناوەرۆکی ئەو رەئیەدا ئەکات و هەوڵ دەدات بیگۆڕێت بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی (واتە: دەسەڵاتی پشت راگەیاندنەکە).
4. رێکخستن (ترتيب) ئەگەر بابەتەکە پێشتر هەبوو بەڵام رای گشتی پرش و بڵاوبوو لەسەری ئەوا راگەیاندن سەرلەنوێ دایدەرێژێتەوە و رێکی دەخاتەوە (مەجید، هێمن: 2017 - 2018، 30).

## بەشی سێیەم
## لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

### یەکەم/ کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی توێژینەوە بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و مشتەی توێژینەوەکەش بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی راگەیاندن.
مشتەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێرراوە، بەهۆی ئەوەی کە خوێندکارانی بەشی راگەیاندن، لە چوارساڵی خوێندنیاندا و لەرێی وانە تیۆریەکانیانەوە زیاتر ئاشنای تیۆرەکانی کاریگەریتی لەسەر جەماوەرن و ئاشنان بەرێگاکانی دروستکردنی رای گشتی.

### دووەم/ ئامادەکردنی راپێوینامەکە و دابەشکردنی:

پاش وەرگرتنی کۆتا شێوەی فۆرمی راپرسی، توێژەر پرۆسەی راپێوییەکەی لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشی راگەیاندنی قۆناغی چوارەم هەردوو گروپی (A.B) بەیانیان ئەنجامدا، لە رۆژی 2/ 10/ 2022 کە لەلایەن توێژەرەوە فۆرمی راپرسیەکانیان بەسەردا دابەشکرا بەهەردوو گرووپ 45 خوێندکار ئامادەبوون، هەموویان فۆرمی راپێویەکەیان بەسەردا دابەشکرا پاشان کە وەڵامی فۆرمەکانیان دایەوە 5 فۆرمیان مەرجەکانی وەڵامدانەوەیان تیانەبوو، هەر یەکەو بە هۆکارێك تەلەفکران، کەواتە رێژەی گشتی فۆرمەکان تەنها 40 فۆرم مانەوە کە هەموویان وەرگیران لەبەر ئەوەی مەرجی زانستییان تێدابوو بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت. فۆرمی راپرسی پێکهاتووە لە 14 پرسیار کە لە چوارچێوەی 14 خشتەدا خراوەتە روو.

### سێیەم/ خستنەرووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان:

### *پرسیارە تایبەتەکان:

1- وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بە پێی رەگەز:

**خشتەی (1)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بەپێی رەگەز**

| رەگەز | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 25 | 62.5 | یەکەم |
| مێ | 15 | 37.5 | دووەم |
| کۆ | 40 | 100 | |

لە وەڵامی خشـــتەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی نێر زیاترە لە ڕێژەی مێ، ئەمەش ئاساییە چونکە خوێندکارەکانی بەشی ڕاگەیاندن زۆرترین ڕێژەی نێرە، وەك لە خشتەی (1) دا دیارە.

2- وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن:

**خشتەی (2)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن**

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| 21 – 20 | 12 | 30 | دووەم |
| 23 – 22 | 17 | 42.5 | یەکەم |
| 25 – 24 | 11 | 27.5 | سێیەم |
| 26 – بەرەو سەر | 0 | 0 | چوارەم |
| کۆ | 40 | 100 | |

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوە زۆرترین ڕێژە لە نێوان تەمەنی (22 -23) یە، بە ڕێژەی 42.5% ئەمەش تەمەنێکی گونجاوە.

3- وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بۆ بەکارهێنانی فەیسبوک وەك تۆڕێکی کۆمەڵایەتی:

**خشتەی (3)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بۆ بەکارهێنانی فەیسبوک**

| بەکارهێنان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 40 | 100 | یەکەم |
| نەخێر | 0 | 0 | دووەم |
| کۆ | 40 | 100 | |

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوەکە هەموو مشـــتەکە (ســـامپڵ) تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکاردەهێنن.

4-وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بەپێی ماوەی ساڵی بەکارهێنانی فەیسبوک:

**خشتەی (4)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بەپێی ماوەی ساڵی بەکارهێنان**

| ساڵ | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| 2 – 1 | 8 | 20 | سێیەم |
| 4 – 3 | 20 | 50 | یەکەم |
| 6 - 5 | 10 | 25 | دووەم |
| 7 – بەرەو سەر | 2 | 5 | چوارەم |
| کۆ | 40 | 100 | |

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوە دەرکەوتووە کە زۆرترین ســـاڵی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبوک 3 – 4 ســـاڵە بەڕێژەی 50% کە پلەی یەکەمی هەیە لەڕیزبەندیەکەدا، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە تیایدا خوێندکاران تۆری کۆمەلایەتی فەیسبوک بەکاردێنن، وەك لەخشتەی (4) دا دیارە.

5- وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بۆ بەکارهێنانی فەیسبوك بە پێی کاتژمێر:

**خشتەی (5)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان**

| کاتژمێر | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| 2 - 1 | 4 | 10 | سێیەم |
| 4- 3 | 23 | 57.5 | یەکەم |
| 6 - 5 | 10 | 25 | دووەم |
| 7 – بەرەو سەر | 3 | 7.5 | چوارەم |
| کۆ | 40 | 100 | |

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوەکە، زۆرترین ڕێژەی وەڵام 3-4 کاتژمێرە بەڕێژەی 57.5% ئەمەش ماوەیەکی گونجاوە بۆ ســەیرکردنی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و گەران بەدوای زانیاری و بابەتی ســەرنجراکێشــدا بۆ بەکارهێنان، زانیاری زیاتر لە خشتەی (5) دایە.

### *پرسیارە بابەتیەکان:

**خشتەی ژمارە (6)**

**ئامانجی بەشداربووان لە بەکارهێنانی فەیسبوك خراوەتە ڕوو**

| بڕگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وەرگرتنی زانیاری | 10 | 25 | دووەم |
| ئاگاداربوون لە دەوروبەر | 15 | 37.5 | یەکەم |
| کات بەسەر بردن | 7 | 17.5 | چوارەم |
| پەیوەندیکردن | 8 | 20 | سێیەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

زۆرینەی بەشـــداربوان کە ڕێژەی 37.5% پێکدێن فەیســـبوك بە ئامانجی ئاگاداربوون لە دەوروبەر بەکاردەهێنن، بە پلەی دووەمیش ئەو بەشداربووانە دێن کە ڕێژەیان 25% و مەبەســـتیان لە بەکارهێنانی فەیســـبوك وەرگرتنی زانیارییە، بەپلەی ســێیەمیش کە ڕێژەی 20% ە فەیســبووك بۆ بە مەبەســتی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن، دوا پلەی مشتەی توێژینەوەکە فەیسبوك بەئامانجی کات بەسەربردن و پشـووسـازی بەکاردەهێنن ئەویش بە ڕێژەی 17.5% دێت، وەك لە خشـتەی ژ(6) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (7)**

**کاریگەریی فەیسبوك لە گۆڕینی ئاراستەو بیرکردنەوە دەخاتە ڕوو**

| بڕگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 5 | 12.5 | سێیەم |
| هەندێجار | 29 | 42.5 | یەکەم |
| وانییە | 6 | 15 | دووەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

زۆرینەی بەشـــداربووان کە ڕێژەیان (42.5%) ە ڕایانوایە (هەنـدێجـار) فەیســـبوك کاریگەریی هەیە لەســـەر گۆڕینی ئاراســـتەو بیرکردنەوەیان، کە ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە و کاریگەریی پیشـــاندەدات، پاشـــان لە پلەی دووەمدا ئەو بەشداربووانە دێن کە ڕێژەیان 15% یە پێیانوایە فەیسبوك کاریگەریی نییە لەسەر گۆڕینی ئاراســـتەو بیرکردنەوەیان، ئەوانەشـــیان کە پێیان وایە بەڵێ بەتەواوی

کاریگەری هەیە لەســـەریان بەرێژەی 12.5% دێت وەك لە خشـــتەی (ژ.7) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (8)**

**پشت بەستن بە فەیسبوك بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پیشاندەدات**

| برگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 6 | 15 | دووەم |
| هەندێجار | 33 | 82.5 | یەکەم |
| وانییە | 1 | 2.5 | سێیەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

زۆرینەی بەشداربووان کە بە ڕێژەی 82.5% دین دەڵێن(هەندێجار) پشت بە فەیسـبوك دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کە ئەمە بەرێژەیەکی زۆردێتە ئەژمار لەچاو دوو بژاردەکەی تردا، ڕێژەی 15% پێیان وایە بەڵێ فەیسـبوك بەکاردەهێنن بۆ بەدەســـتهێنانی زانیاری و تەنها یەك بەشـــداربوو وتوویەتی نەخێر پشـــت بە فەیسـبوك نابەسـتم بۆ بەدەسـتهێنانی زانیاری کە ئەویش ڕێژەی 2.5% دەکات لەکۆی گشتی مشتەی توێژینەوەکە، وەك لە خشتەی ژمارە (8)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (9)**

**فەیسبوك ئەو بابەتانەی روونکردۆتەوە کە بەشداربوویێویستی پێی بووە دەخاتە روو:**

| برگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 2 | 5 | سێیەم |
| هەندێجار | 32 | 80 | یەکەم |
| وانییە | 6 | 15 | دووەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

80% ی بەشدار بووان لە پلەی یەکەمدا دین کە دەڵێن فەیسبوك (هەندێجار) توانیویەتی ئەو بابەتانەیان بۆ روونبکاتەوە کە پێویســـتیان بووە، پاشـــان لە پلەی دووەمدا و بەرێژەی 15% ئەو بەشداربووانە دێن کە رایانوایە فەیسبوك نەیتوانیوە ئەو بابەتانەیان بۆ روونبکاتەوە کە پێویســـتیان بووە، وەك لە خشـــتەی( ژ.9 )دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (10)**

**ئەو بابەتانەی بەشداربوو لە فەیسبوك دەیبینێت گوزارشت لە راو بۆچوونی بەشداربوو دەکەن پیشاندەدات**

| برگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 7 | 17.5 | دووەم |
| هەندێجار | 28 | 70 | یەکەم |
| وانییە | 5 | 12.5 | سێیەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

زیاتر لە نیوەی بەشـداربووان کە ڕێژەیان( 70%) یە رایانوایە ئەو بابەتانەی لە فەیسـبوك بڵاودەکرێنەوە (هەندێجار) گوزارشـت لە رای ئەوان دەکات،پاشـان لە پلەی دووەمدا ئەو بەشداربووانە دێن کە رایانوایە بەتەواوی بابەتەکانی فەیســبوك گوزارشـت لە رای ئەوان دەکات کە رێژەی لە 17.5% پێك دێنێت، کە ئەم دوو ڕێژەیە دەرخەری ئەوەیە کە بەلای بەشـــداربووانی توێژینەوەکەوە بابەتەکانی فەیسـبوك گوزارشـت لە رای ئەوان دەکات، کەمترینی بەشـداربووەکانیش ئەوانەن کە دەڵێن بابەتە بڵاوکراوەکانی فەیسبوك گوزارشت لە رای ئەوان ناکات کە رێژەیان 12.5% ە لە کۆی بەشداربووان، وەك لە خشتەی ژ(10) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (11)**

**فەیسبوك فراوانتر لە دەزگاکانی راگەیاندن ئاگادارت دەکەنەوە**

| برگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 14 | 35 | دووەم |
| هەندێجار | 16 | 40 | یەکەم |
| وانییە | 10 | 25 | سێیەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

ڕێژەی 40% ئەو بەشـداربووانەن کە پێیانوایە فەیسـبوك هەندێجار فراوانتر لە دەزگاکانی راگەیاندن ئاگاداریان دەکاتەوە هەروەها بەپلەی دووەمیش 14% پێیان وایە بەڵێ فەیســـبوك فراوانتر لە دەزگاکانی راگەیاندن ئاگاداریان دەکاتەوە، تەنها کەمینەی بەشـداربووان کە 25% پێکدێنن رایانوایە فەیسـبوك نەیتوانیوە فراوانتر لە دەزگاکانی راگەیاندن ئاگاداریان بکاتەوە، وەك لە خشـــتەی ژ(11) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (12)**

**توانای فەیسبوك لە گۆرینی رەفتاردا خراوەتە روو:**

| برگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 2 | 5 | سێیەم |
| هەندێجار | 20 | 50 | یەکەم |
| وانییە | 18 | 45 | دووەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

50%ی بەشـــداربووان کە ڕێك نیوەی مشـــتەی توێژینەوەکە دەکات دەڵێن هەندێکجار فەیســوك گۆرانکاری بەســـەر رەفتاریاندا هێناوەو پاشـــان بە پلەی دووەمیش ئەو بەشـــداربووانە دێن کە رایانوایە فەیســـبوك گۆرانکاری بەســـەر رەفتاریاندا نەهێناوە بەرێژەیان 45% ، ژمارەی ئەو بەشـداربووانەشی کە پێیانوایە بەڵێ فەیســـبوك گۆرانکاری بەســـەر رەفتاریاندا هێناوە کەمترینن کە رێژەی 5% پێکدێن، وەك لە خشتەی (ژ.12) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (13)**

**توانای فەیسبوك پیشاندەدات لە قایلکردنی بەشداربووان بە شتێك کە پێشتر قایل نەبوون:**

| برگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 3 | 7.5 | سێیەم |
| هەندێجار | 21 | 52.5 | یەکەم |
| وانییە | 16 | 40 | دووەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

زۆرینەی بەشـــداربووان کە ڕێژەی 52.5% پێکدێنن رایانوایە هەندێکجار فەیسبوك توانیویەتی قایلیانبکات بە شتێك کە پێشتر قایلنەبوون، پاشان بە پلەی دووەم 40% ئەو بەشـداربووانە دێن کە پێیانوایە نەخێر فەیســـبوك ئەو توانایەی نەبووە لە قایلکردنیاندا، لەکاتێکدا کە 7.5% ی بەشـداربوان رایانوایە فەیســـبوك توانای هەبووە قـایلیـان بکات بەشـــتێـك کە پێشـــتر قـایـل نەبووبن، وەك لە خشتەی(ژ.13) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (14)**

**هاوکاریکردنی فەیسبوک پێشاندەدات لە راڤەکردنی ئەو بابەتانەدا کە بەشداربوو پێویستبووە راوبۆچوونی هەبێت دەربارەیان:**

| برگە | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| وایە | 8 | 20 | دووەم |
| هەندێجار | 25 | 62.5 | یەکەم |
| وانییە | 7 | 17.5 | سێیەم |
| کۆ | 40 | %100 | |

بەلای 62.5% ی بەشداربووانەوە هەندێجار فەیسبوک هاوکاریکردون راڤەی ئەو بابەتانە بکەن ئەوان پێویستبووە راوبۆچوونیان هەبێت دەربارەیان، ئەمەش رێژەیەکی بەرزە، 20% ی بەشداربووانیش پێیانوابووە فەیسبووک ئەو توانایەی نەبووە، کەمینەی بەشداربووانیش کە رێژەیان(17.5%) ە جەخت لەو توانایەی فەیسبوک دەکەن ودەڵێن فەیسبوک هاوکاریکردوون لە راڤەکردنی ئەو بابەتانەی کە پێویستبووە بۆچوونیان هەبێت لەسەری، وەك لە خشتەی (ژ.14) دا خراوەتە روو.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. فەیسبوك توانیویەتی کاریگەری لەسەر بۆچوون دابنێت دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، چونکە زۆرینەی بەشداربووان پێیان وایە فەیسبوك کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی ئاراستەو بیرکردنەوەیان.
2. فەیسبوك هەندێجار توانیویەتی دابینکەری زانیاریی جێ مەبەست بێت. چونکە زۆرینەی بەشداربووان پێیان وایە هەندێجار پشت بە فەیسبوك دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.
3. زۆرینەی بەشداربووان دەڵێن فەیسبوك (هەندێجار) توانیویەتی ئەو بابەتانەیان بۆ روونبکاتەوە کە پێویستیان بووە، کەواتە زۆرینە دڵنیانین لەوەی هەمیشە فەیسبوك توانیێتی ئەو بابەتانە روونبکاتەوە کە پێویستیان بووە.
4. زۆرینەی بەشداربووان پێیان وایە ئەو بابەتانەی لە فەیسبوك دەیبینن گوزارشت لە راو بۆچوونی بەشداربوو دەکەن.
5. زۆربەی بەشداربووان دەڵێن هەندێکجار فەیسوك گۆرانکاری بەسەر رەفتاریاندا هێناوە.
6. فەیسبوك هەندێجار کاریگەری هەبووە لە پێکهاتنی رای گشتیدا، چونکە زۆرینەی بەشداربووان رایانوایە فەیسبوك بە ئامانجی ئاگاداربوون لە دەوروبەر بەکار دەهێنن، وە فەیسبوکیش هەندێجار فراوانتر لە دەزگاکانی راگەیاندن ئاگاداریان دەکاتەوە لە رووداوەکانی دەورووبەر، زۆرینەی بەشداربووان رایانوایە هەندێکجار فەیسبوك توانیویەتی قایلیان بکات بە شتێك کە پێشتر قایل نەبوون پێی.
7. فەیسبوك هەندێجار هاوکاربووە لە دروستبوونی دیدێکی جێگیرو پتەو لەسەر پرسەکان، چونکە بەلای زۆربەی بەشداربووانەوە هەندێجار فەیسبوك هاوکاریکردوون راڤەی ئەو بابەتانە بکەن کە ئەوان پێویستبووە راوبۆچوونیان هەبێت دەربارەیان.

### راسپاردەکانی توێژینەوەکە:

1.توێژەران توێژینەوە ئەنجامبدەن دەربارەی کاریگەرییەکانی فەیسبوك لە دروستبوون و گۆڕینی رەفتاردا.

2.توێژەران توێژینەوە ئەنجامبدەن دەربارەی کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی تر لە پێکهێنانی رای گشتی دا.

### پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

1. توێژەر پێشنیاردەکات بەکارهێنەرانی فەیسبوك خاوەن تێروانینی خۆیان بن لە تۆڕەکەدا و بەبێ بروا پێهێنانیان قایل نەبن بە پەیام و پلانی ئەوانی تر.
2. توێژەر پێشنیار دەکات ئەندامانی کۆمەڵ تا تەمەنی 18 ساڵی فەیسبوك بەکارنەهێنن.
3. توێژەر پێشنیاردەکات بەکارهێنەرانی تۆڕەکە هاوبەشی نەکەن لەگەڵ ئەو ئەژمارانەی فەیسبوکدا کە واتەوات و پروپاگەندە بڵاودەکەنەوە لە کۆمەڵدا.
4. توێژەر پێشنیاردەکات بەکارهێنەرانی فەیسبوك لەسەر بنەمای سۆز بڕیار لەسەر پرسەکان نەدەن.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:

گۆدەرزی، سیاوەش (2012) پێشوەچوونە میدیاییەکان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ئیبراهیم، عەبدولخالق (2014) میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، چاپخانەی موکریانی هەولێر.

عزی، عەبدولرەحمان و. بەهزاد حەویزی (2012)دەستەواژە نوێیەکانی میدیاو پەیوەندیپێکردن،چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

ساڵح، مەجید (2004) بنەما تیۆرییەکانی رای گشتی و راگەیاندن، لە ماڵپەڕی ویکیپیدیا بەشێوەی ئەلەکترۆنی بەردەستە.

مەجید، هێمن (2017 - 2018) کۆباسەکانی وانەی دیدی گشتی لە زانکۆی سلێمانی. کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان. بەشی راگەیاندن. بۆ ساڵی خوێندنی 2017 – 2018.

### دووەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی:

David L.Paletz and others,(2012) 21st Century American Government and Politics, v. 1.0, Duke University Press .

Kotkavuori Veera Anniina (2015) University of Helsinki, Faculty of Social Sciences, Social Psychology, Master's Thesis, October 2015The role of Facebook and extraversion in the formation and maintenance of individuals' social capital,

Holtz-Bacha and Strömbäck (2012). Holtz Strömbäck Christina - Bacha and Jesper , Opinion Polls and the Media, Reflecting and Shaping Public Opinion, UK, PALGRAVE MACMILLAN publisher,

### سێیەم: ماڵپەری ئەلیکترۆنی:

http://beshared.bg/en/News/The-3-main-functions-of-Facebook-posts

https://www.britannica.com/topic/public-opinion

http://www.preservearticles.com/2014071933487/importance-of-public-opinion-in-every-society.html